# سایتی فەرموودە

# هەمیشە ڕاستگۆیی

# www.fermude.com

# کێن ئەوانەی
# کە خوای پەروەردگار خۆشیانی دەوێت؟

ئامادەکردنی

**م. ابوبكر احمد**

**ژمارەی سپاردن: (١٦١١)**

چاپی دووەم        ١٤٣٢ ك - ٢٠١١ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠﴾ .

أَمَّا بَعْدُ:

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَة وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِى النَّارِ.

بێگومان باوەڕی بەندەکانی خوای پەروەردگار پلە پلەیە، لە ناو باوەڕدارانـدا بەنـدە هەیـە خوای پەروەردگار خۆشی دەوێت، وە هەیشە پەروەردگار خۆشی ناوێتو ڕقی لێیەتی، چونکە خۆی ناپارێزێت لەگوناهـ و تاوانو سەرپێچی .

لە قورئانی پیرۆزدا پەروەردگار وەسفی کەسانێکی کردووە کە خۆشیانی دەوێت‌و نیعمەتیان بەسەردا دەڕێژێت لە دونیادا، وە لە ڕۆژی دوایدا دەیان خاتە بەهەشتەوەو لێیان ڕازی دەبێت، پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ ﴾ [يونس: ٦٢-٦٤] .

**واتە:** ئاگاداربن بە ڕاستی چاکەکاران‌و خۆشەویستانی خوای پەروەردگار نەترس‌و بیم ڕوویان تێ دەکات لەسەرەمەرگ‌و لە ڕۆژی لێ پرسینەوەدا، نەغەم‌و پەژارەو دڵ تەنگی دایان دەگرێت لەوەی کە لە دونیادا بەجێیان هێشتوە، چونکە پەروەردگار باشتریان پێ دەبەخشێت، ( مەلائیکەتەکان بە ڕوو خۆشیەوە مژدەی سەر فرازی‌و خۆشیان دەدەنێ )، ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕی ڕاستەقینەو پرسۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریان، وە خۆشیان دەپارێزن لە خەشم‌و قینی خوا هەر بۆ ئەوانە مژدەی کامەرانی‌و بەختەوەری لە ژیانی دونیادا وە لە قیامەتیشدا، دڵنیابن کە ئەو بەڵێنانەی خوای پەروەردگار هەر دێنە دی‌و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازی‌و کامەرانی گەورەو مەزن .

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ الْعَبْدَ نَادَى جِبْرِيلَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحْبِبْهُ فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ،

فَيُنَادِى جِبْرِيلُ فِى أَهْلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحِبُّوهُ فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِى الأَرْضِ )[١] .

**واتە:** ئەگەر خوای پەروەردگار بەندەیەکی خۆش ویست ئەوا بانگی جبریل دەکاتو پێی دەفەرمووێت: خوا فلانە کەسی خۆش دەوێت تۆش خۆشت بوێت، ئنجا جبریل ئەو کەسەی خۆش دەوێت، وە جبریلیش بانگی ئەهلی ئاسمان دەکاتو دەفەرمووێت: بەڕاستی خوای پەروەردگار فلانەکەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێت، ئینجا ئەهلی ئاسمانیش ئەو کەسەیان خۆش دەوێت، پاشان لەسەر زەویش ڕەزامەندی خەڵکی بۆ دادەنرێت .

هەروەها هاوەڵی خۆشەویست قەتادەی کوڕی نوعمان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ عَبْدًا حَمَاهُ الدُّنْيَا كَمَا يَظَلُّ أَحَدُكُمْ يَحْمِي سَقِيمَهُ الْمَاءَ )[٢] .

**واتە:** ئەگەر خوای پەروەردگار بەندەیەکی خۆش ویست ئەوا لە کێشەو ناڕەحەتی دونیا دەیپارێزێت، هەروەك چۆن یەکێکتان نەخۆشەکەی لە ئاو دەپارێزێت (لەکاتێکدا کە ئاو زیانی بۆی هەبێت).

وە هاوەڵی خۆشەویست ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێ) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَاللهِ؛ لاَ يُلْقِي اللهُ حَبِيبَهُ فِي النَّارِ)[٣]. واتە: سوێند بەخوا، پەروەردگار خۆشەویستەکەی ناخاتە ناو ئاگرەوە .

---

(١) رواه البخاري (٣٢٠٩) ومسلم (٦٨٧٣) .

(٢) (صحيح) رواه أحمد والترمذي وابن حبان والحاكم وصححه الألباني في صحيح الجامع (٢٨٢) .

(٣) (صحيح) رواه أحمد وأبو يعلى وابن منيع والحاكم وصححه الألباني في صحيح الجامع (٧٠٩٥) .

لەکۆتایدا باوەڕداری خۆشە ویست: بەدڵنیایی هەموو خۆشەویستیەك کە خۆشت ویستووە ڕۆژێك دێت کە لێی جیاببیتەوەو بەجێی بهێڵی، تەنها یەك خۆشەویست نەبێت، کە لەگەڵتایە ئەگەر لە هەر شوێنێك بیت، لە ژیانتدا وە لە دوای مردنیشت، گوێڕایەڵی بکە هەردوو ژیانت بۆ دەگونجێنێتو خۆشتی دەوێت، وە نا ڕەحەتی دونیاو ڕۆژی دوایت لەسەر ئاسان دەکات، ئەویش خوای تاك و تەنهایە .

**خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باسی کەسانێکیان بۆ کردووین کە سەرفرازو بەختەوەرنو پەروەردگار خۆشیانی دەوێت، ئەوانیش ئەم کەسانەن:**

١ باوەڕداری ملکەچو دامەزراو
٢ باوەڕدارێك تەوبەکارو پاکو خاوێن بێت
٣ باوەڕدارێك بەڕاستی شوێنی سوننەت کەوتبێت
٤ باوەڕدارێك خۆپارێزو لە خواترس بێت
٥ باوەڕدارێك چاکەکارو خێر خوازبێت
٦ باوەڕدارێك لە گوفتارو کرداردا دادپەروەر بێت
٧ باوەڕدارێك خۆڕاگرو بەئارام بێت
٨ باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت
٩ باوەڕدارێك پشت بەخوا ببەستێت
١٠ باوەڕدارێك سودو قازانجی هەبێت بۆ خەڵکی .
١١ باوەڕدارێك ڕاستگۆبێت
١٢ باوەڕدارێك ڕەوشتی جوان بێت

١٣ باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت
١٤ باوەڕدارێك لە خواترس و دەوڵەمەندو شاراوە بێت
١٥ باوەڕدارێك جوان و پاك وخاوێن بێت
١٦ باوەڕدارێك نەرم و نیان بێت
١٧ باوەڕدارێك ئاسانکار بێت
١٨ باوەڕدارێك لەبەخشیندا دەست کراوە بێت .
١٩ باوەڕدارێك لە نوێژی جەماعەتدا بڵێت (آمِينَ)
٢٠ باوەڕدارێك دونیا نەویست بێت
٢١ باوەڕدارێك بەتەنها خوا بپەرستێت
٢٢ باوەڕدارێك لێبوردە بێت
٢٣ هەر کەسێك پشتیوانان (أَنْصَار)ی خۆش بوێت
٢٤ باوەڕدارێك کارەکانی بە چاکی ئەنجام بدات
٢٥ باوەڕدارێك نێوان خەڵکی ڕێك بخات و ئاشتیان بکاتەوە
٢٦ باوەڕدارێك هێمن و لەسەر خۆبێت
٢٧ باوەڕدارێك لە ترسی خوا فرمێسك بەچاویدا بێتە خوارێ
٢٨ باوەڕدارێك فەرزەکان جێ بەجێ بکات
٢٩ باوەڕدارێك سوننەتەکان جێ بەجێ بکات
٣٠ باوەڕدارێك بەشەرم و عەیب داپۆشەر بێت
٣١ باوەڕدارێك لەبەر خوا باوەڕدارێکی خۆش بوێت
٣٢ باوەڕدارێك ئامانەت پارێز بێت
٣٣ باوەڕدارێك ڕاستگۆ بێت

٣٤ باوەڕدارێك چاك بێت لەگەڵ دراوسێکەیدا
٣٥ باوەڕدارێك مجاهد بێت
٣٦ باوەڕدارێك لە کاتی ماندوێتیدا شەونوێژ بکات
٣٧ باوەڕدارێك ئیمامی حوسێنی خۆش بوێت .

## لەقورئانی پیرۆزدا :

## یەکەم: باوەڕداری ملکەچو دامەزراو

خـوای پــەروەردگار دەفــەرموویێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴿٥٤﴾ ﴾ [المائدة: ٥٤] .

**واتە:** ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەر کـەس لـەئێوە لـە ئـاینو بەرنامەکـەی وەرگـەڕێتو پاشگەز ببێتەوە، ئەوا هەر خۆی زەرەر دەکات، وە لە ئایندەدا خـوای پـەروەردگار کەسـانێك دەهێنێتە کایـەوە، ( ئەوەنـدە خواپەرسـت و بـاوەڕ دامـەزراوبن ) خـوای پـەروەردگار خۆشـی دەوێن، وە ئەوانیش خوای پەروەردگاریان خۆش دەوێت .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویێت: پـەروەردگار ڕای گەیانـدووە ئەگەر هەرکەسێك پاشگەز ببێتەوە لە دینەکەی، ئەوا ئەو کەسە هـیچ زیـانێ بـە خـوای گـەورە

ناگەیەنێت، بەڵکو زیان لە خۆی دەدات، وە کەسانێك هەن بە دڵسۆزیو بەڕاستی بەندایەتی بۆ پەروەردگار ئەنجام دەدەن، جا ئەوانە پەروەردگار ڕێنمونیان دەکاتو خۆشیانی دەوێت .
وە بێگومان خۆش ویستنی خوای گەورە بۆ بەندەکانی گەورەترین نیعمەتە کە خوای گەورە دەیبەخشێت، جا هەرکاتێك خوای گەورە بەندەکەی خۆش بوێت ئەوا هەموو کارێکی بۆ ئاسان دەکاتو ڕێنمونی دەکات بۆ کاری خێر، وە دوریشی دەخاتەوە لە خراپەکاری .

## سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :

(١) لەم ئایەتەدا ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە لە ناو باوەڕداراندا کەسانێك پاشگەز دەبنەوە لە باوەڕهێنانیان بەخوای پەروەردگار.
(٢) خوای پەروەردگار بێ نیازو بێ پێویستە لە هەموو خەڵکان، جا هەرقەومێك لە ئاینو بەرنامەکەی وەرگەڕێتو پاشگەز ببێتەوە، ئەوا لە ئایندەدا خوای پەروەردگار کەسانێك دەهێنێتە کایەوە .
(٣) هەرکەسێك لە ئاینو بەرنامەکەی وەرگەڕێتو پاشگەز ببێتەوە، ئەوا خەشمو ڕق لێ گیراوە .
(٤ ) تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە، ئەگەر هەر قەومێك پاشگەز بێتەوە ئەوا خوای گەورە قەومێکی تر دێنێتە کایەوە .
(٥) ئەم ئایەتە ئەوە دەسەلمێنێت، کردارەکانی خوای گەورە (اخْتِيَارِيَّة) هەڵبژاردنە، بەوەی کە هەر کارێك ئەنجام دەدات بە ویستی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی دەفەرموویێت: ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي﴾ وە ﴿سَوْفَ﴾ بۆ ئاییندە .

(٦) خوای پەروەردگار باوەڕداری ڕاستەقینەی خۆش دەوێت .

## دووەم: باوەڕدارێك تەوبەكارو پاكو خاوێن بێت

خــوای پــەروەردگار دەفــەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ ﴾ [البقرة: ٢٢٢] .

**واتە:** بەڕاستی خوای پەروەردگار ئەوانەی خۆش دەوێت کە تەوبەکارانو خۆیان پـاکو خـاوێن ڕادەگرن .

**زانای پایەبــەرز شـێخ** ابن عُثَيِّمين (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا فەرموویەتی: تەوبەکاران ئەوانەن کە تەوبەی زۆر دەکەن، وە تەوبە کردن ئەوەیـە کـە دەسـت لە تاوانو سەرپێچی هـەڵگریتو بگەڕێیتـەوە بـۆلای خـوای گـەورە، هـەروەها پاکوخاوێنـانیش ئەوانەن کە خۆیان دەپارێزن لەپیسی لاشەیی[(١)] .

### سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :

(١) جێگیربـوونو سـەلماندنی خۆشەویسـتی خـوای پـەروەردگار بـۆ بەنـدەکانی، وە خـۆش ویستن سیفەتێکی خوای پەروەردگارە بەوەی کـە خـۆش ویسـتراوە لـە دڵـی دۆسـتەکانیدا، وە بەندە چاك و صاڵحەكانی خۆش دەوێتو لێیان ڕازی دەبێـت، وە کردەوەیـان قـەبووڵ دەکـات .

(٢) تەوبەکردنو گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار کارێکی فەرمان پێکراوە .

(٣) گەورەیی پاداشتی تەوبەکردنو گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار .

---

(١) تفسير ابن عُثَيِّمين، آية (٢٢٢) سورة البقرة .

(٤) تەوبەکردنو گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار هۆکارە بۆ بە دەستهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

(٥) گەورەیی پاکو خاوێنی خۆ پاك ڕاگرتن، وە پێویستە موسڵمان هەمیشە پاکو خاوێن بێت، تا خۆشەویستی خوای پەروەردگار بەدەست بهێنێت .

(٦) بەرزیی‌و جوانی ڕەفتاری قورئانی پیرۆز، کۆکردنەوەو خستنە پاڵ یەکی پاکی ناخی‌و شاراوەیی لەگەڵ پاکی دیارو ئاشکرا، چونکە پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴾ پاکی ناخو دەروونەو شاراوەیە، بەڵام ﴿وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ﴾ پاکی دیارو ئاشکرایە .

## سێیەم: باوەڕدارێك بەڕاستی شوێنی سوننەت کەوتبێت

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣١)﴾ [آل عمران: ٣١] .

**واتە:** ئەی موحەممەد (ﷺ) بە باوەڕداران بڵێ: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن‌و خواتان خۆش دەوێت، ئەوا شوێنی من بکەون، بە جێ بەجێ کردنی سوننەتەکانمو گوێڕایەڵی کردنم، چونکە

ئەگەر ئێوە شوێنی من بکەون، ئەوا خوای پەروەردگار خۆشتانی دەوێت و لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت، وە خوای پەروەردگار زۆر لێخۆش بوو بە بەزەییە .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرموێت:

ئەم ئایەتە پێوەرە، بۆ ئەوانەی کە دەڵێن پەروەردگارمان خۆش دەوێت. وە نیشانەیە بۆ ئەوانەی پەروەردگاریان خۆش دەوێت .

هەروەها دەر ئەنجامی ئەوانەی پەروەردگاریان خۆش دەوێت .

وە بەروبوومی ئەوانەی پەروەردگاریان خۆش دەوێت .

چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە بانگەشەی ئەو پلەو پایە بەرزە دەکەن، ئەو پلەو پایەیەی کە شتێکی تر نییە بیگاتێ، تەنها ئەوەندە بەس نییە، کە بانگەشەی خۆشەویستی خوا بکەن، بەڵکو دەبێت بە ڕاستی ئەو بانگەشەیە بکەن و نیشانەی ڕاستێتیش ئەوەیە شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەون لە هەموو شتێکدا .

لە گوفتارو کرداردا، وە لە یاساو بەشەکانیدا، هەروەها لە ئاشکراو نهێنیدا، جا هەرکەسێك بەو شێوەیە شوێنی بکەوێت بە ڕاستی بێت، ئەوا پەروەردگار خۆشی دەوێت و لە تاوانەکانی خۆش دەبێت و ڕەحم و بەزەیی بەسەردا دەڕێژێت، وە هەموو عەیب و کەموو کورپییەکانی دادەپۆشێت، بەلام هەرکەس شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەوێت و بلێت: من پەروەردگارم خۆش دەوێت، ئەوا درۆ دەکات و پەروەردگاری خۆش ناوێت، ئەگەر چی بانگەشەی ئەوەش بکات پەروەردگاری خۆش دەوێت.

**سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :**

(١) ئەم ئایەتە هەندێك لە سەلەف ناویان ناوە ئایـەتی تاقیکردنـەوەو هەڵسـەنگاندن، چـونکە هەرکەسێك پەروەردگاری خۆش بوێت، ئەوا شـوێنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەکـەوێت، بۆیـە پەروەردگار فەرمانی پێکردووین کە شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەوێن .

(٢) خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەحەدای ئەوانە بکـات، کـە بانگەشـەی خۆشەویسـتی پـەروەردگار دەکـەن، بـەوەی ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن ئـەوا شـوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەون .

(٣) خۆشەویسـتی خـوای پـەروەردگار بێسـنوورەو بـۆ هـەموو خەڵکیـە، لەبـەر ئـەوەی خـوای گەورە فەرمووی: ﴿ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى ﴾ .

(٤) ئەم ئایەتە ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆشەویستی هەیە لـە نێـوان پـەروەردگارو بەندەکانـدا، چونکە فەرمووی: ﴿ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ ﴾ واتە: ئەگـەر ئێـوە پـەروەردگارتان خـۆش دەوێـت، هـەروەها فەرمووی: ﴿ يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ﴾ واتە: پەروەردگار خۆشتانی دەوێت.

(٥) هەرکەسێك سوربێت لەسـەر زینـدو کردنـەوەی سـوننەتو شـوێن کـەوتنی، ئـەوا نیشـانەی ئەوەیە پەروەردگاری خۆشی دەوێت .

(٦) تەنها ئەوەندە بەس نییـە بوترێـت مـن پـەروەردگارم خۆشـدەوێت، هەرکەسێك بڵێـت مـن پەروەردگارم خۆشدەوێت، ئەوا پێویستە لێی ورد ببینەوەو بزانین تـا چـەند فەرمانـەکانی جـێ بەجێ دەکاتو لە قەدەغـەکراوەکانی دوور دەکەوێتـەوە، ئەگـەر نـا ئـەو کەسـە پـەروەردگاری خۆش ناوێت .

(٧) شوێن کـەوتنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هۆکـارە بـۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خـوای گەورە .

## چوارەم: باوەڕدارێك خۆپارێزوو لە خواترس بێت

خـوای پـەروەردگار دەفـەرمووێت: ﴿ بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾ [آل عمران: ٧٦]

**واتە:** نەخێر وانییە، هەرکەس ئەو پەیمانەی کە داوێتی بەخوا جـێ بـەجێی کـرد بێـتو خـۆی پاراستبێت لەحەرام، ئەوە بەڕاستی پەروەردگار پارێزکارانو لە خواترسانی خۆش دەوێت .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت:

خـوای پـەروەردگار دەفـەرمووێت: نـەخێر بـەو شـێوەیە نییـە کـە ئـەوان دەیڵـێن، بـەڵکو هەرکەسـێك هەسـتێت بـە ئەنجامـدان و جـێ بـەجێکردنی مافـەکانی خـوای پـەروەردگار، وە مافەکانی خەڵکی، ئەوا ئەو کەسە پارێزکارو لە خواترسەو خوای پـەروەردگاریش ئـەو کەسـەی خۆش دەوێت، وە هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەوانە بێت، ئەوا وەفای نـەبووەو هـەڵ نەستاوە بە جێ بەجێکردنی هیچ مافێك، وە خۆپارێزو لە خواترس نییـەو خـوای پـەروەردگار تۆڵـەی لێ دەستێنێتەوەو سزای سەختی دەدات.

### سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :

(١) لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا خـوای پـەروەردگار مـەدحی ئەوکەسـانە دەکـات کـە پـەیمان دەبەنەسەرو جێ بەجێی دەکەن .

(٢) پــەیمان بردنەســەرو جــێ بــەجێکردنو بــەوەفا بــوون، هۆکــارە بــۆ بەدەســتهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

(٣) تەقەواو خۆپارێزی هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

(٤) ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی تریش وەڵامێکن بۆ ئەوانەی کە ئینکاری لە سیفەتەکانی خـوای پەروەردگار دەکەنو دەڵێن: دروست نییە بوترێت خوای گەورە سیفەتی خۆشەویستی هەیەو بەندەکانی خۆش دەوێت .

(٥) ئـەم ئایەتـە هانمـان دەدات بـۆ تـەقوای خـوای پـەروەردگار، وە هـەموو کەسێکیش پێـی خۆشەو حەزدەکات کە خوای پەروەردگار خۆشـی بوێـت، بۆیـە هەرکـەس پێـی خۆشـە خـوای گەورە خۆشی بوێت ئەوا پێویستە تەقوای خوای هەبێتو خۆ پارێزبێت .

## پێنجەم: باوەڕدارێك چاکەکارو خێر خوازبێت

خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ وَأَحۡسِنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٩٥﴾ [البقرة: ١٩٥] .

**واتە:** مـاڵو سـامانتان ببەخشـن لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا، وە بەدەسـتی خۆتـان خۆتـان مەخەنە تیاچوونەوە، هـەروەها هەمیشـە خێـرو چـاکە ئـەنجام بدەنو چـاکە کـاربن، چـونکە بەڕاستی پەروەردگار چاکە کارانو خێر خوازانی خۆش دەوێت .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت:

خوای پەروەردگار فەرمانی بەبەندەکانی کردووە ماڵو سامان ببخشن لە ڕێگەی خوادا، وە ئەمیش هەمووڕێگەیەکی خێر دەگرێتەوە، خێرکردن بە هەژارانو خزمانی نزیكو ئەوانەی خێریان پێ دەشێت، هەروەها فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، وە خەڵکی فێری زانستو زانیاری کردنو لابردنی ناڕەحەتی لەسەر ڕێگەی موسڵمانانو سەردانی کردنی نەخۆشو شوێن کەوتنی جەنازە... ، وە لە هەمووشیان گەورەتر ماڵو سامان بەخشین لە ڕێگەی جیهادا، چونکە مەصڵەحەتی گەورەی تێدایە، ئەویش بەهێز کردنی موسڵمانانەو لاواز کردنی بێ باوەڕانە، جا هەرکەسێك ئەو کارانە جێ بەجێ بکات، ئەوا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێتو هاوکارییو کۆمەکی دەکاتو بەسەر زاڵمدا سەری دەخات .

**زانای پایەبەرز شێخ** (ابنُ عُثَيِّمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) [١] لە تەفسیری ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾ ﴾ فەرموویەتی: ئەگەر جگە لەم ئایەتە ئایەتی تر نەبوایە باسی چاکەو ماڵ بەخشینی بکردایە، ئەوا ئەم ئایەتە بەس بوو بۆ ئەوەی کە باوەڕدار چاکە کار ببوایە .

**سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :**

(١) لەم ئایەتەدا فەرمانمان پێ کراوە کە ماڵو سامان ببەخشین لە پێناوی خوای گەورەدا .

(١) تفسير ابن عُثَيِّمين، آية (١٩٥) سورة البقرة .

(٢) دڵسۆزی لە کردەوەکاندا، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ واتە: لە پێناوی خوادا، بەوەی کە مەبەست لەو بەخشینەدا تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت .

(٣) لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە چاکەکار بین، دەفەرمووێت: ﴿وَأَحۡسِنُوٓاْ﴾ واتە: چاکەکار بن، چونکە چاکەکردن لەپێناوی خوادا پاداشتی گەلێك زۆری لەسەرە .

(٤) چاکەکردن هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار، چونکە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾

(٥) خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەرمان کە بەدەستی خۆمان خۆمان بخەینە تیاچوونەوە، یان زیان بەخۆمان بگەیەنین، بۆیە لەمەوە بۆمان دردەکەوێت جگەرە کێشان حەرامە، چونکە جگەرە کێشان زیان بەخشە بە وتەی تێکڕای دکتۆرو پزیشکەکان، هەروەها بەفیڕۆدانی ماڵو سامانە بەبێ هوودە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە وەی ماڵمان بەفیڕۆ بدەین [١].

(٦) خوای پەروەردگار مژدەی بەو کەسانە داوە کە چاکەکارن، وە پاداشتیان بە چاکترین شێوە دەداتەوە لە ڕۆژی دواییدا، وە لێیان ڕازی دەبێتو ڕازیشیان دەکات بە بەهەشتی پانو بەرین .

---

(١) صحيح البخاري (٢٤١٤) .

## شەشەم: باوەڕدارێك لە گوفتارو كرداردا دادپەروەر بێت

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٩﴾ [الحجرات: ٩] .

**واته:** بەردەوام دادپەروەربن لە نێوان خەڵكیدا، چونكە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت كە داد پەروەرن لە گوفتارو كرداردا .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت:

ئەوانەن كە داد پەروەرن لە نێوان خەڵكیدا، وە لە هەموو كارو كردارێكیاندا كە پێیان دەسپێردرێت، تەنانەت لە ناو خێزانو ماڵو منداڵیاندا، لە بەجێگەیاندنی مافەكانیان، لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتووە كە فەرموویەتی: داد پەروەرەكان لەلای خوای پەروەردگار لەسەر مینبەرانێكن كە لە نوورو ڕووناكی دروستكراون، ئەوانیش كەسانێكن كە داد پەروەرن لە حوكمدانیاندا، وە لە نێوان كەسو كاریاندا، هەروەها لەوانەی كە پێیان سپێردراوە [١] .

### سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا:

(١) پێویستە لەسەر دادوەرەكان دادپەروەربن لەنێوان هەموو خەڵكیدا، چونكە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَقۡسِطُوٓاْ﴾ .

(٢) حەرامە لەسەر مرۆڤی دادوەر كە فەرقو جیاوازی بكات لە نێوان خزمو هاوڕێو هەژارو دەوڵەمەندا هتد ...

---

(١) رواه مسلم (٤٨٢٥).

(٣) ئەم ئایەتە هانمان دەدات بۆ ئەوەی دادپەروەربین لە هەموو کارێکماندا، وە لەوانەی کەپێمان دەسپێردرێت .

(٤) دادپەروەری هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی پەروەردگار .

(٥) ئەم ئایەتە تەنها دادوەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو باوکێك دەگرێتەوە کە دادپەروەر بێت لەماڵەکەیدا، وە لە نێوان منداڵەکانیدا وە لەگەڵ خێزانیدا، هەروەها بازرگانەکان دەگرێتەوە کە داد پەروەربن لە کڕینو فرۆشتنو مامەڵەکردنیاندا، وە هەموو بەرپرسێك دەگرێتەوە کە لە شوێنێکی گشتیدا بەرپرسەو بەڕیوەبەرە، پێویستە دادپەروەربێت لەگەڵ ژێر دەستەکانیدا وە بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بەبێ جیاوازی .

## حەوتەم: باوەڕدارێك خۆڕاگرو بەئارام بێت

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُواْ لِمَآ أَصَابَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا ٱسۡتَكَانُواْۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ ﴾ [آل عمران: ١٤٦] .

**واتە :** چەندەها پێغەمبەر هەبوونو خواناسو پیاوچاکانی زۆریان لەگەڵدا بوونو دژ بە دوژمنان جەنگاون، جا ئەوانە هیچ کات سستیو بێزاریو بێتاقەتی ڕووی تێنەکردوون، بەهۆی ئەوەی کە تووشیان بووە لە پێناو ڕێبازی خوادا، وە لاوازو بێ هێزو سەر شۆڕ نەبوون بۆ دوژمنان، بەڕاستی خوای پەروەردگار کەسانی خۆڕاگرو بەئارامی خۆش دەوێت .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت:

ئەمـە دڵدانـەوەو دڵنەواییـە بـۆ موسـڵمانان، وە هاندانیشـە بـۆ ئـەوەی شـوێنی پێغەمبـەران ( عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام ) بکەوین‌و پـەیڕەوی بەرنامـەکانیان بکـەین، هـەروەها کردەوەکانمـان وەکو کردەوەی ئەوان بێت، بۆیە ئەمەش سوننەتی خوای پەروەردگارە کە چـەندین پێغەمبـەر ( عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ ) هەبوون‌و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵدا بوون لە شوێن کـەوتوانیان، جا ئەو خەڵکەیان پەروەردە دەکرد لەسەر باوەڕی ڕاستەقینەو کردەوەی چـاك‌و بـاش، وە کاتێـك توشی نەهامـەتی دەبـوون بـەهیچ شـێوەیەك سسـتی‌و بێـزاری‌و بێتاقـەتی ڕووی تێنـەکردوون، بەهۆی ئەوەی کە تووشیان بووە لە پێناو ڕێبازی خوادا، بەڵکو ئارامیان دەگرت‌و لەسـەر دیـن بـەردەوام دەبـوون‌و چـاو نەترسـانە لـە بەرامبـەر دوژمنانیـان دەوەسـتان، هـەر بۆیـە خـوای پەروەردگار ئارامگرانی خۆش دەوێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا :

(١) خوای گەورە ئەم ئوممەتەی پاراستووە لـە زۆر شـت، وە ئاسـانکاری زۆر بـۆ کـردووین بـە بەراورد لە گەڵ ئوممەتانی پێشوو تر .

(٢) جیهاد کردن لە شەرعی ئوممەتانی پێش ئەم ئوممەتـەش هەر هەبووە .

(٣) پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئازاو بەجەرگ و چاو نـەترس بێـت بەرامبـەر بـە دوژمـن، نابێـت خۆی سەر شۆڕو بێتاقەت دەربخات، چـونکە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَا ٱسۡتَكَانُواْۗ﴾ واتە: هەرگیز سەریان شۆڕ نەکردووە بۆ دوژمنان .

(٤) ئەم ئایەتە هانمان دەدات بۆ ئەوەی لە هەموو کارێکماندا ئارامگرو لەسەر خۆبین .

(٥) ئارامگرتن هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار، ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ .

(٦) ئارامگرتن لە ئاکارو ڕەوشتە جوانەکانە کە باوەڕدار دەڕازێنێتەوەو بۆ بەهەشتی خوای گەورەی دەبات .

## ئارامگرتن سێ جۆرە:

**یەکەم:** ئارامگرتن لەسەر جێ بەجێکردنی فەرزەکان .

**دووەم:** ئارامگرتن لەسەر قەدەغە لێکراوەکانو سەرپێچیەکان .

**سێیەم:** ئارامگرتن لەسەر قەزاو قەدەری خوای گەورەو ڕازی بوون پێیان، جا هەرکەسێك ئەم سێ بەشەی تێدا بێتە دی، ئەوا ئەو کەسە لە ڕووی ئارامگرتنەوە تەواو کاملە، وە خۆشی دونیاو قیامەتی بەدەست هێناوە، وە هیچ کەسێکیش پێی ناگات تەنها لە ڕێگەو پردی ئارامگرتنەوە نەبێت، هەروەك چۆن هەمووکەسێك لە ڕێگەی پردی سیراتەوە دەگاتە بەهەشتی خوای پەروەردگار .

## هەشتەم: باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾﴾ [الصف: ٤] .

**واتە:** بەڕاستی خوای پەروەردگار ئەوکەسانەی خۆش دەوێت، کە دەجەنگن لە پێناو ڕێبازو بەرنامەی خوادا، بەیەك ڕیزو یەك دڵو یەك پارچە، هەروەك دیوارێکی بەرزی قایمو داڕێژراو بە قوڕقۆشم .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت:

ئەمە هاندانە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ بەندەکانی، کە جیهاد بکەن لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوادا، هەروەها فێرکردنیان لە چۆنێتی جیهاد کردن، بەوەی کە دەبێت بەیەك ڕیزو یەك دڵو یەك پارچە بەبێ جیاوازی، لە دژی بێ باوەڕانو دوژمنانی خوا، هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئامادەی جەنگ ببوایە، هاوەڵەکانی ڕیز دەکردو کارو پیشەیانی دیاری دەکرد بەشێوەیەك کە هیچ کەسێکیان پشت بەوی تریان نەبەستێت، بەڵکو هەر کۆمەڵو تاقمێکیان پەیوەست بن بە کارو پیشەی خۆیانەوە، بەم ڕێگەیەش هەموو شتێك بە ڕێکیو ئەنجامێکی باش کۆتایی پێ دەهات .

## سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا:

(١) بەهۆی جەنگ و خەباتو تێکۆشان لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوای پەروەردگاردا، دەبیتە کەسێکی خۆشەویست لەلای خوای پەروەردگار.

(٢) خەباتو تێکۆشان لەپێناوی خوادا بریتیە لە بەخشینو سەرف کردنی هەموو ئەو توانایەی کە بەندەکان هەیانە کە ئەویش بە( دڵو زوبانو دەستو لاشەو ماڵ ) لە پێناوی خوادا، بۆ سەرخستنی دینو سەرکەوتن بەسەر نەفسو شەیتانو دوژمنانی خوا، تاکو بەتەنها خوا بپەرسترێتو ناوی ئەو بەرز ڕابگیرێت، وە حوکمی ئەو سەقامگیر بکرێت، هەروەها هاوبەش بۆ ئەو دانەنرێت لە بواری بەندایەتیو

پەرستندا، وە لەبواری حوکم کردندا، وە لە بواری بەگەورەدانانو وەسف کرندا، وە دەبێت لەم خەباتو تێکۆشانەدا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسێت .

## نۆیەم: باوەڕدارێك پشت بەخوا ببەستێت

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾﴾ [ آل عمران: ١٥٩ ] .

**واتە:** ئەگەر ویستت کارێك ئەنجام بدەیت، ئەوا ئەنجامی بدەو پشت بەخوا ببەستە، بەڕاستی خوای گەورە ئەوانەی خۆش دەوێت لە کارەکانیاندا پشت بە خوا دەبەستن .

**زانای پایە بەرز شێخ سەعدی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: هەرکاتێك ویستی ئەنجامدانی کارێکت هەبوو، وە پێویستی بە ڕاوێژ کردن دەکرد، ئەوا پشت بە خوای گەورە ببەستەو بێ پێویست ببە لە دەورو بەر، چونکە پەروەردگار ئەوانەی خۆش دەوێت لە کارەکانیاندا پشت بە خوا دەبەستنو پەنا دەبەنە بەر ئەو.

### سودو ئامۆژگاری لەم ئایەتەدا:

(١) پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان لەکاتی ئەنجامدانی هەموو کارێکدا پشت بە خوای پەروەردگار ببەستێت .

(٢) نابێت مرۆڤی موسڵمان لە کارەکانیدا دوودڵی هەبێت، چونکە دوو دڵی مرۆڤ هەراسان دەکاتو تووشی دڵە ڕاوکێ دەکات .

(٣) پشت بەستن بە خوای پەروەردگار هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

(٤) گەورەیی‌و پاداشتی پشت بەخوا بەستن، بەدڵنیایی هەرکەسێك پشت بەخوای گەورە ببەستێت، ئەوا پەروەردگار هەرگیز فەرامۆشی ناکات .

## لە فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا (ﷺ)

### یەکەم: باوەڕدارێك سودو قازانجی هەبێت بۆ خەڵکی

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵلای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە خۆشەویست ترین بەندە بەلای خوای پەروەردگارەوە، ئەویش فەرمووی: ( أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاس )[١] .

(١) (حسن) أخرجه الطبراني، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٦٢٣) .

**واتە:** خۆشەویسترین بەندە بەلای خوای پەروەردگارەوە ئەوانەن کە سودو قازانجیان هەیە بۆ بەندەکانی خوای پەروەردگار .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا :

لەم فەرموودەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریمان دەکات و هانمان دەدات بەوەی کە سوربین لەسەر سود گەیاندن بە موسڵمانان، چونکە بەهۆی ئەو کارەوە خۆشەویستی خوای پەروەردگار بەدەست دەهێنین،

هەروەها ئەم فەرموودەیە بەزۆری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە کارو باری موسڵمانان هەڵ دەستن، بەتایبەت زاناکانو پێشەوایانی باوەڕداران، چونکە هەر ئەوان هەڵ دەستن بە چاکسازیو پاراستنو بڵاو کردنەوەی دینو بەرنامەی خوای پەروەردگار .

## دووەم: باوەڕدارێك ڕاستگۆبێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵڵای کوڕی عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُحِبَّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ فَلْيَصْدُقْ حَدِيثَهُ )[١] .

**واتە:** هەرکەسێك پێی خۆشە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشیان بوێت، ئەوا با ڕاسگۆ بێت لە کارو گوفتاردا .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ڕاستگۆیی ڕەوشتێکی جوانو مەدح کراوەو مرۆڤی باوەڕدار دەگەیەنێت بە بەهەشتو بەخشندەییو ڕازی بوونی خوای پەروەردگار .

---

(١) (حسن) رواه البيهقي في شعب الإيمان، وحسنه الألباني في مشكاة المصابيح (٤٩٩١) .

(١) ڕاستگۆیی هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی پەروەردگار .

(٢) خوای پەروەردگارە فەرمانی پێکردووین کە لەگەڵ ڕاستگۆیاندابین .

(٣) باوەڕداری ڕاستگۆ خوای پەروەردگار لێی ڕازییە .

(٤) بەهۆی ڕاستگۆییەوە خێرو بەرەکەت دەکەوێتە ناو ڕزقو ڕۆزیمانەوە

(٥) مرۆڤی باوەڕدار ئەگەر ڕاستگۆ بێت، ئەوا ناوی تۆمار دەکرێت لای پەروەردگار بە ڕاستگۆ .

(٦) ڕاستگۆی هۆکارە بۆ ئارامبوونی دڵو دەروون، وە مرۆڤ ئاسودەو سەرفرازو بەختەوەر دەکات .

## سێیەم: باوەڕدارێك ڕەوشتی جوان بێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵلای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( أَحَبُّ عِبادِ اللهِ إِلَى اللهِ أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً )[١] .

**واتە:** خۆشەویسترین بەندە لە لای خوای پەروەردگار ئەوکەسەیە کە ڕەوشتی جوانە .

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) لە خواترسانو پابەند بوون بەسنورە شەرعیەکانەوە بنچینەی کاری چاکەیە، وە هەڵسو کەوت و ڕەوشتی جوانیش لەگەڵ خەڵکیدا فەرمان پێکراوە، لە لایەن خوای

(١) (صحيح) أخرجه الطبراني في المعجم الكبير، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٧٩) .

پەروەردگارەوە، پاشان لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆیە پێویستە باوەڕدار ڕەوشتی جوان بێت .

**بێگومان ڕەوشت جوانی سودو بەروبوومی زۆری هەیە لەوانە:**

(١) باوەڕداری ڕەوشت جوان پابەندی فەرمانی پێغەمبەرە (ﷺ) .

(٢) باوەڕداری ڕەوشت جوان خۆشەویست ترین کەسە لای پەروەردگار .

(٣) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ نزیك بوونەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لە ڕۆژی دواییدا .

(٤) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت .

(٥) ڕەوشت جوانی قورسترین کردەوەیە لەتەرازووی کردەوەکاندا .

(٦) باوەڕدار بەهۆی ڕەوشت جوانییەوە دەگات بە پلەی ئەوانەی کە بەشەو شەو نوێژ دەکەن و بەڕۆژیش بەڕۆژوو دەبن .

(٧) ڕەوشت جوانی خێرترین‌و باشترین بەخششە .

(٨) هیچ کردەوەیەك نییە باوەڕدار جوان بکات و بیڕازێنێتەوە بەوێنەی ڕەوشت جوانی .

(٩) باوەڕداری ڕەوشت جوان لە بەرزترین شوێنی بەهەشت کۆشکی بۆدروست دەکرێت .

(١٠) باوەڕداری ڕەوشت جوان چاکترین‌و باشترین کەسە .

(١١) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ لەناو چوونی دوژمنایەتی و بەرپابوونی دۆستایەتی .

(١٢) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ سڕینەوەو نەمانی تاوان .

(١٣) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خەڵك

(١٤) ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە ئاگری دۆزەخ .

## چوارەم: باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ )[١] .

**واتە:** باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت لە ئەنجامدانی عیبادەتەکاندا، ئەوا چاکترو خۆشەویسترە لە لای خوای پەروەردگار لە باوەڕدارێك کە لاوازو بێ هێز بێت لە ئەنجامدانی عیبادەتەکاندا، وە هەردووکیشیان چاك و باشن .

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێنموونی باوەڕدار دەکات بەوەی کە ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت لە ئەنجامدانی عیبادەتەکاندا .

(٢) پێویستە باوەڕداری بەهێزو بەتوانا هەموو تواناو هێزی خۆی لە عیبادەت و کارە خێرو باشەکاندا بەسەر بەرێت .

(٣) مرۆڤی باوەڕدار هەرچەندە لاوازو بێ هێز بێت، هەر چاك و باشە لەلای خوای پەروەردگار .

## پێنجەم: باوەڕدارێك لە خواترس و دەوڵەمەندو شاراوە بێت

---

(١) رواه مسلم (٦٧١٦) .

هاوەڵی خۆشەویست سەعدی کوڕی ئەبی وقاص (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: ( إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِيَّ )[1] .

**واتە:** بەڕاستی خوای پەروەردگار بەندەیەکی لە خواترسی دەوڵەمەندی شاراوەی خۆش دەوێت، دەوڵەمەند لە دڵو دەروونـدا، وە شاراوە لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان بەنهێنی .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) لەخوا ترسانو تەقوا، ئەوەیە کە فەرمانەکانی پەروەردگار جێ بەجێ بکەیت و دوور بکەویتەوە لە قەدەغە لێکراوەکانی .

(٢) دەوڵەمەندی ئەوەیە کە خۆت بێ پێویست بکەیت لە خەڵکی و تەنها پێویستت بە خوای گەورە هەبێت .

(٣) شاراوەیی ئەوەیە کە گرنگی نەدەی بە خۆ دەرخستن .

(٤) زۆر ئەنجامدانی پەرستنەکانو کردەوە خێرو چاکەکان بەنهێنی، چونکە خوای پەروەردگار بەندەیەکی خۆش دەوێت، شاراوەبێت لە ئەنجامدانی پەرستنەکان و کردەوە خێرو چاکەکان .

## شەشەم: باوەڕدارێك جوانو پاك وخاوێن بێت

---

(١) رواه مسلم (٧٦٢١) .

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵڵای کوڕی مەسعود (خوایـان لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ، يُحِبُّ الْجَمَالَ ﴾[1] .

**واته:** خوای پەروەردگار جوانەو خاوەنی هەموو ناوو سفەتێکی جوانو پیرۆزە، هەروەها هەموو کارەکانی جوانو پڕبایەخو پیرۆزەو جوانی بێ سنورە لە ناوو سیفەتدا، هـەروەها ئەو کەسانەشی خۆش دەوێت کە خۆیان دەڕازێننەوە بە کارو کردەوەی جوان .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

پێشەوا ابنُ القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: فراوانترین جـۆری خـوا ناسـی، بریتیە لەوەی بەسیفەتێکی جـوانو بـێ وێنـە بیناسـیت، بـەڵام چـاکترینیان ئەوەیـە کـە خوای پەروەردگار بە شکۆدارییو بێ کەمو کـوڕی بناسـیت، وە بێگومـان جـوانی خـوای پەروەردگار وێنەی نییەو لـە هـیچ ناچـێت، وە یـەکێك لـە نـاوە جوانـەکانی پـەروەردگار (الْجَمِيل)، وە جوانی پەروەردگار چوار پلەیە:

(١) جوانی زاتی خوای پەروەردگار .

(٢) جوانی سیفەتەکانی خوای پەروەردگار .

(٣) جوانی کارەکانی خوای پەروەردگار .

(٤) جوانی ناوەکانی خوای پەروەردگار .

---

(١) رواه مسلم (٢٧٥).

وە ناوەکانی پەروەردگار هەمووی جوانە، هەروەها سیفەتەکانیشی هەمووی جوانو تەواو بێ کەم و کوڕییە، وە کارەکانی هەمووی جوانو بەحیکمەتو دادپەروەرانەو ڕەحمەتە، بەڵام جوانی خوای پەروەردگار جگەلە زاتی خۆی هیچ کەسێك لە دروستکراوەکانی نایزانێت، جگەلەو پێناسانە نەبێت کە خوای پەروەردگار بەو کەسانەی ئاشناکردووە کە ڕێزی لێ ناون، ئەگەر نا جوانی خوای پەروەردگار گەورەو پارێزراوە لە خەڵکیو نادیارو شاراوەیە .

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵڵای کوڕی عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: زاتی خوای گەورە داپۆشراوە بە سیفەتی جوان، وە سیفەتەکانیشی داپۆشراوە بە کارە جوانەکانی، کەوا بوو گومانت چییە بەرامبەر جوانییەك کە داپۆشراو بێت بە وەسفی تەواو کامڵو بێ کەمو کوڕی و سیفەتی گەورەییو شکۆداری[1] .

کەواتە: خوای پەروەردگار خاوەنی هەموو ناوسیفەتێکی جوان و بێ وێنەیە، هەر بۆیە شایستەی ئەوەیە بپەرسترێت، وە خۆش بویسترێت و سوپاس و ستایشی بکرێت .

## حەوتەم: باوەڕدارێك نەرمو نیان بێت

دایکی باوەڕداران خاتوو عَائِشَة (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِنَّ اللَّـهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَى الرِّفْقِ مَا لاَ يُعْطِي عَلَى الْعُنْفِ، وَمَا لاَ يُعْطِي عَلَى مَا سِوَاهُ )[2] .

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (الفوائد ص ١٨٢) .

(٢) رواه مسلم (٦٧٦٦).

**واتــه :** بەڕاسـتی خـوای پـەروەردگار نـەرم و نیانـە ( بەشـێوەیەك کەشـیاو گونجـاو بێـت بـە پـەروەردگار، وە لــە هــیچ بەندەیــەکی ناچــێت )، هــەروەها بەندەیەکیشــی خــۆش دەوێـت کـە نـەرم و نیـان و هـێمن و لەسـەرخـۆ بێـت، وە ئـەوەی لەسـەر نـەرم و نیـانی دەیبەخشـێت، لەسـەر تونـدو تیـژی نایـدات، هـەروەها لـە هـیچ بـارو دۆخێکـی تـردا نایبەخشێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) نەرمو نیانی سیفەتێکە لە سیفەتە جوانو پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار.

(٢) خــوای پــەروەردگار نــەرمو نیانــەو بەبەزەییــە لەگــەڵ بەنــدەکانیو ئاســانی دەوێــت بۆیــان، وە داوایــەکیان لــێ ناکــات کــە لەســەرو توانایانــەوەبێت و نــەتوانن جێ بەجێی بکەن .

(٣) خـوای پـەروەردگار ئـەوەی لەسـەر نـەرم و نیـانی دەیبەخشـێت، لەسـەر تونـدو تیژی نایدات .

(٤) بەندەیــەك خۆشەویســتە لای پــەروەردگار، کــە نــەرمو نیــانو لەســەر خــۆ بێــت لە بانگەوازو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا .

(٥) پێویستە مرۆڤی موسڵمان نەرمو نیان بێت، چونکە نەرمو نیانی هۆکارە بۆ ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (حُـرِّمَ عَلَى النَّارِ كُلُّ هَيِّنٍ لَيِّنٍ سَهْلٍ)[1] .

واتە: حەرامکراوە لەسەر ئاگر هەموو موسڵمانێکی ئاسانکارو هێمنو نەرمو نیان .

(٦) پێشەوا ابنُ القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە نونیەکەیدا دەفەرمووێت: ( وهُوَ الرَّفِيقُ يُحبُّ أهل الرِّفْقِ بَلْ ... يُعطيهمُ بالرِّفقِ فَوْق أمَانِ )[2] .

واتە: خوای پەروەردگار نەرمو نیانی بێ سنورە، وە ئەو موسڵمانانەی خۆش دەوێت کە نەرمو نیانن، بەڵکو پێیان دەبەخشێت لەسەر نەرمو نیانی لەسەرو ...

## هەشتەم: باوەڕدارێك ئاسانکار بێت

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ سَمْحَ الْبَيْعِ سَمْحَ الشِّرَاءِ سَمْحَ الْقَضَاءِ )[3] .

**واتە:** بەڕاستی خوای پەروەردگار بەندەیەکی باوەڕداری خۆش دەوێت، کە لە کڕینو فرۆشتندا ئاسانکارو نەرمو نیان بێت، وە لە پارەدانو پارەوەرگرتندا ئاسانکار بێت .

---

(١) (صحيح) رواه احمد والترمذي وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣١٣٥) .

(٢) بڕوانە: پەرتووکی (الفوائد ص ١٨٢) .

(٣) (صحيح) رواه الترمذي في السنن (١٣١٩) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة (٨٩٩) .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئـەم فەرموودەیـە هانمـان دەدات بـۆ ڕەوشـتێکی جـوانی ئیسـلام، ئـەویش ئاسـانکارییە لـە کـڕینو فرۆشـتندا، چـونکە بەهۆیـەوە دەبینـە خۆشەویسـتی خـوای پەروەردگار .

(٢) ئاسـانکارییە لـە کـڕینو فرۆشـتندا، هۆکـارە بـۆ بەدەسـت هێنـانی خۆشەویسـتی خەڵکی .

(٣) لەبـەر ئـەوەی هەرکەسـێك گـیر بێـت لـە مامەڵـەو کـڕینو فرۆشـتندا، ئـەوا خـەڵکی حەز بە کڕین و فرۆشتن نەکات لەگەڵیدا .

(٥) لـە فەرمودەیەکـدا هـاتووە، کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ( أَدْخَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الْجَنَّةَ رَجُلاً كَانَ سَهْلاً مُشْتَرِياً وَبَائِعاً وَقَاضِياً وَمُقْتَضِياً )[١] .

**واتــــە:** خـوای پـەروەردگار بەندەیـەکی خسـتە بەهەشـتەوە، لەبـەر ئـەوەی ئاسـانکارو نـەرمو نیـان بـوو لـە کـڕینو فرۆشـتندا، هـەروەها لـە کـاتی بڕیـاردانو بڕیار بۆداندا .

## نۆیەم: باوەڕدارێك لەبەخشیندا دەست کراوە بێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵڵای کوڕی عـەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِنَّ اللَّهَ تَعالى جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُودَ)[٢]

---

(١) (صحيح) رواه احمد وابن ماجه والنسائي وصححه الألباني في صحيح الجامع (٢٤٣) .

(٢) (صحيح) رواه البيهقي وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٧٤٤) .

**واتە:** خوای پەروەردگار زۆر بەخشندەیە، هەموو شتێکی چاکی بەخشیوەو داویەتی، وە باوەڕدارێکی خۆش دەوێت کە دەست کراوەو دەست بڵاوبێت لە خێرو چاکەکاری وبەخشین لە پێناوی خوادا .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا

(١) بەخشندەیی سیفەتێکە لە سیفەتە جوانو پیرۆزەکانی پەروەردگار، وە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بەو سیفەتە جوانە خۆی بڕازێنێتەوە .

(٢) بەهۆی ماڵ بەخشینەوە دەبیتە خۆشەویستی خوای پەروەردگار، وە هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەو ماڵو سامانەی هەمانە پەروەردگارە پێی بەخشیوین، وە لەسەریشی لێمان دەپرسێتەوە، چۆن پەیدامان کردووەو چۆنیش بەخشیومانە، جا خۆش بەختی بۆ ئەو کەسەی بۆ چاکەکاری ماڵو سامانەکەی دەبەخشێت، چونکە ئەوەی بۆ دونیای بێت سودی نییە بۆ دوا ڕۆژی، بەڵام ئەوەی بۆ پەروەردگاری بێت و لەبەر خاتری ئەو بیبەخشێت، لەڕۆژی دواییدا سودی پێ دەگەێنێت .

## دەیەم: باوەڕدارێك لە نوێژی جەماعەتدا بڵێت (آمِينَ)

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو موسای ئەشعەری (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إِذَا صَلَّيْتُمْ فَأَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ ثُمَّ لْيَؤُمَّكُمْ أَحَدُكُمْ فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا وَإِذَا

قَالَ ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ فَقُولُوا آمِينَ. يُحِبُّكُمْ اللَّهُ[١] وَفِي رِوَايَةٍ يُجِبْكُمُ اللَّهُ )[٢].

**واته:** ئەگەر نوێژتان کرد، ئەوا ڕیزەکانتان ڕێك بخەنو پاشان با یەکێکتان پێش نوێژیتان بۆبکات، ئینجا ئەگەر ( اللّٰهُ أَكْبَر )ی کرد، ئەوا ئێوەش ( اللّٰهُ أَكْبَر ) بکەن، وە ئەگەر وتی: ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، ئەوا ئێوەش بڵێن: (**آمِينَ**)، چونکە خوای پەروەردگار خۆشتانی دەوێت، لە ڕیوایەتێکی تردا پەروەردگار وەڵامتان دەداتەوە .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا

(١) ئەم فەرموودەیە سودی ئەوەی لێ وەردەگرین کە پێویستە لەسەر مرۆڤی باوەڕدار نوێژەکانی بەجەماعەت ئەنجام بدات لە مزگەوتدا لەگەڵ باوەڕداراندا

(٢) دەبێت لەکاتی نوێژدا ڕیزەکان ڕیك بخرێتو بۆشایی لە نێوان باوەڕداراندا نەبێت، وە بەجوانی بوەستن بۆ ئەنجامدانی نوێژ .

(٣) سودی ئەوەی لێ وەردەگرین کە نابێت پێش ئیمام بکەوین لە هیچ ڕوکنو مەرجو سوننەتێکی نوێژدا، بەڵکو دەبێت شوێنی بکەوین. (٤) فەزڵو گەورەیی وتنی: ئامین لە دوای نوێژەکانەوەو هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

---

(١) (صحيح) رواه أبُو داود وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٧٢) .

(٢) رواه مسلم (٩٣١) .

(٥) لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی [(١)] جوولەکەکان حەسادەتتان پێ دەبەن لە سەلام کردنو ئامین کردنتان لە دوای ئیمام[(٢)] .

هەروەها لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی: ئەگەر ئیمام وتی:

﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، ئەوا ئێوەش بڵێن: ئامین، چونکە بەڕاستی هەرکەسێك ئامین کردنەکەی لەگەڵ ئامینی مەلائیکەتەکاندا یەك بگرێت، ئەوا خوای پەروەردگار لە گوناهو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت[(٣)] .

## یانزەیەم: باوەڕدارێك دونیا نەویست بێت

هاوەڵی خۆشەویست سەهلی کوڕی سەعد (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: کارێکم پێ نیشان بدە ئەگەر ئەنجامم دا پەروەردگارو خەڵکی خۆشیان بوێم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ اللَّهُ، وَازْهَدْ فِيمَا فِي أَيْدِي النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ )[(٤)] .

---

(١)(صحيح) رواه احمد وابن ماجه وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٦١٣) .

(٢) زۆرێك لە خەڵکی توشی هەڵە دەبن لەگەڵ ئیمام یان پێش ئیمام ئامین دەکەن، بێگومان ئەمیش هەڵەیە، چونکە مەلائیکەت لەدوای ئەوەی ئیمام دەڵێت ئامین ئینجا ئامین دەکەن.

(٣) رواه البخاري (٧٨١) ومسلم (٩٤٤-٩٤٥) .

(٤) (صحيح) رواه الطبراني وابن ماجه وصححه الألباني في صحيح الجامع (٩٢٢) وفي الصحيحة (٩٤٤) .

**واتــە:** خـۆ بگـرەوە لـە دونیـاو ( دونیـا نەویسـت بـە ) خـوای پـەروەردگار خۆشـی دەوێـی، هـەروەها واز لـەو شـتانە بێنـە کـە لـە بەردەسـتی خەڵکیدایـەو چـاوت لـە دووی نـەبێت، ئـەوا خەڵکی خۆشی دەوێیت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئەم فەرموودەیە هانمان دەدات بۆ ڕەوشتێکی جوانی ئیسلام، کە ئەویش بریتیـە لـە دونیا نەویستی .

(٢) هەرکەسێك دونیا نەویست بێت، ئەوا پەروەردگار خۆشی دەوێت .

(٣) واز هێنان لەوەی لەبەردەستی خەڵکیدایەو پەیوەندی بە تۆوە نییە.

(٤) دونیا نەویستی هۆکارە بۆ بەدەسـت هێنـانی خۆشـیو کامـەرانی لـە دونیـادا، وە لـە دوارِۆژدا .

(٥) مرۆڤی دونیا نەویست پابەندە بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) .

پێشەوا ابنُ القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: وازهێنان لە دونیا چەند جۆرێکە:

- ❖ وازهێنان لە حەرامەکان، ئەمەیان واجبە .
- ❖ وازهێنان لە شتی گومان لێکراو، ئەمیشـیان بـە پێـی گومانەکـە یـە، جـا ئەگـەر گومانەکە زۆر بوو، ئەوا وازلێ هێنانی واجبە، بەڵام ئەگەر گومانەکـە کـەم بـوو، ئـەوا واز لێهێنانی سوننەتە .
- ❖ وازێنان لە شتی زیادەمەسرەفی .

❖ وازهێنان لەو شتانەی پەیوەندی بەوەوە نییە، وەکو قسەکردن و سەیر کردن و پرسیارکردن لە شتێك پەیوەندی بەوەوە نەبێت .

❖ وازهێنان لە خەڵکی .

❖ وازهێنان لە نەفس، بەشێوەیەك لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار هیچ بایەخێك بۆ نەفسی خۆی دانەنێت .

❖ ئینجا لە هەموویان گەورەتر، ئەوەیە کە واز لە هەموو شتێك بهێنیت، جگەلە خوای پەروەردگار، هەروەها وازبهێنیت لە هەموو ئەو شتانەی کە دوورت دەخاتەوە لە خوای پەروەردگار [١].

## دوانزەیەم: باوەڕدارێك بەتەنها خوا بپەرستێت

هاوەڵی خۆشەویست ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْمًا، مِائَةٌ إِلاَّ وَاحِدًا، لاَ يَحْفَظُهَا أَحَدٌ إِلاَّ دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَهْوَ وَتْرٌ يُحِبُّ الْوَتْرَ )[١] .

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (الفوائد ص ١١٨) .

**واتە:** خوای پەروەردگار نەوەدو نۆ ناوی هەیە، لە سەد یەکی کەمە، جا هیچ کەسێك نییە لەبەری بکات، ئیللا پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە، وە پەروەردگار تاکو تەنها یەو ئەوانەی خۆش دەوێت کە بەتەنهایی دەی پەرستن[٢] واتایەکی تر پەروەردگار تاکو تەنهایەو تاکیشی خۆش دەوێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) هەر کەسێك ناوە کانی پەروەردگار لەبەر بکات، دەچێتە بەهەشتەوە

(٢) تەنها لەبەر کردنو ژماردن هیچ سودێکی نییە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ لەبەر کردنیدا مافەکانی جێ بەجێ بکەیت، بەوەی باوەڕت پێی هەبێتو لە ماناکەی شارەزابیت و کاری پێ بکەیت و پێی بپاڕێیتەوە .

(٣) خوای پەروەردگار تاکو تەنهایە بە هەموو ناوێکی جوان کە هەیەتی، وە تاکو تەنهایە بەهەموو سیفاتێکی تەواوو بەرزو گەورەو پیرۆزو جوان، هەروەها تاکو تەنهایە بە هەموو جۆرەکانی پەرستن .

**تێبینی**/ خوای پەروەردگار جگە لەو نەوەدو نۆ ناوە، ناوی تریشی هەیە .

---

(١) رواه البخاري (٦٤١٠) ومسلم (٦٩٨٥) .

(٢) قال: ابنُ حجر ( أَنَّ الْوِتْر يُرَاد بِهِ التَّوْحِيد فَيَكُون الْمَعْنَى أَنَّ اللَّه فِي ذَاته وَكَمَاله وَأَفْعَاله وَاحِد وَيُحِبّ التَّوْحِيد) فتح الباري شرح صحيح البخاري (٢١٥/١٨) .

پێشەوا نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە خوای پەروەردگار جگەلەو نەوەدو نۆ ناوەی هەیە، وە مەبەست لەو فەرموودەیەش ئەوەیە کە هەرکەسێك لەبەری بکات، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە[1].

هەروەها پێشەوا ابنُ القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ناوەکانی خوای پەروەردگاری کردووە بە سێ بەشەوە:

**بەشێکیان پەروەردگار خۆی ناوی لە خۆی ناوە:** وە ئاشکرای کردووەو هەواڵی بە مەلائیکەتەکان داوە، بەڵام لە کتێبەکەیدا دای بەزاندووە.

**بەشێکیان پەروەردگار لە کتێبەکەیدا داییەزاندووە:** وە بە بەندەکانی ناساندووەو بۆیانی باسکردووە .

**بەشێکیان پەروەردگار لای خۆی داپۆشیووە:** وە هیچ کەس نایزانێت لە دروستکراوەکانی، چونکە یەکێك لە پاڕانەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو دەیفەرموو: پەروەردگار داوات لێ دەکەم بە هەموو ناوێك کە هەتەو خۆتت پێ ناو ناوە، یان لە کتێبەکەتدا داد بەزاندووە، یان فێری یەکێك لە دروست کراوەکانت کردووە، یان لە عیلمی غەیبدا لای خۆت هەڵت گرتووەو هیچ کەس نایزانێت جگە لە خۆت[2].

## سیانزەیەم: باوەڕدارێك لێبوردە بێت

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (شرح صحیح مسلم) (١٧/٥) .

(٢) بڕوانە: پەرتووکی (بدائع الفوائد (١/١٧٥-١٧٦) .

هـــاوەڵی خۆشەویســـت عەبـــدڵڵای کـــوڕی مەســـعود (خـــوای لێ ڕازی بێـــت) فـــەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( إنّ اللَّهَ تعالى عَفُوٌّ يحبُّ العفْوَ )[١] .

**واتـــه:** خـــوای پـــەروەردگار لێبـــوردەی بـــێ ســـنوورە، وە بەندەیـــەکی موســـڵمانی خـــۆش دەوێت کە لێبوردەبێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) لێبوردەیی سیفەتێکە لە سیفەتە جوانە کانی خوای پەروەردگار.

(٢) خوای پەروەردگار زۆر لێبوردەیە بەرامبەر بەندەکانی، زیاتر لـەوەی کـە بەنـدەکانی بیری لێ دەکەنەوە، ئەگەر چی بەندەکانی گوناهـ و هەڵەو تاوانەکانیان بەئەندازەی کەفی سەر دەریا بێت، بە مەرجێك تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای .

(٣) ئەو بەندانەی کە دڵ ڕەقو پیسکەو چروکن لێبوردەییـان نییـە، خـوای پـەروەردگار خۆشیانی ناوێت بەڵکو ڕقیشی لێیانە.

(٤) خۆڕازاندنـەوە بـەو نـاوە، ئـەویش بـەوە دەبێـت کـە مرۆڤـی موسـڵمان لێبـوردنی هـەبێت بەرامبەر بە خەڵکی، وە نابێت بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکاتەوە .

## چواردەیەم: هەر کەسێك پشتیوانان (أنْصَار)ی خۆش بوێت

(١) (صحيح) رواه أحمد والحاكم، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٧٧٩) .

هاوەڵی خۆشەویست عوبادەی کوڕی صامت (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( مَنْ أَحَبَّ الأَنْصَارَ أَحَبَّهُ اللَّهُ )[(١)] **واتە:** هەر کەسێك پشتیوانان (أَنْصَار)ی خۆش بوێت، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو کەسەی خۆش دەوێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئەنصاریەکان ئەوانە بوون کە پشتیوانیان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکردو یارمەتی دەری بوون بۆ سەر خستنی دینەکەی، وە خۆش ویستنیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەشێوەیەك بوو کە حەزیان دەکردو ئاواتیان دەخواست بە نفسی خۆیانو ماڵو سامانیان، ببنە قوربانی لە پێناوی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، لەبەر ئەوە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی بوو، وە لێیان خۆش بوو .

(٢) هەرکەسێك ئەنصارییەکانی خۆش بوێت، ئەوا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێت .

(٣) خۆش ویستنی ئەنصار لە باوەڕەوەیەو هەرکەسێك خۆشیانی بوێت، ئەوا باوەڕی تەواو دامەزراوە، بۆیە پێویستە لەسەر باوەڕداران ئەوانیان خۆش بووێتو شوێنیان بکەوێت بە چاکە .

## پانزەیەم: باوەڕدارێك کارەکانی بە چاکی ئەنجام بدات

(١) رواه احمد وابن ماجه وصححه الألباني في صحيح الجامع(٥٩٥٣) وفي الصحيحة (٩٩١).

هـــاوەڵی خۆشەویســـت کولـــەیبی کـــوڕی شـــیهاب (خـــوای لێ ڕازی بێـــت) فـــەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( يُحِبُّ الله الْعَامِلَ إِذَا عَمِلَ أَنْ يُحْسِنَ )[١] .

**واتـــە:** خـوای پـەروەردگار بـاوەڕدارێکی خـۆش دەوێـت، ئەگـەر کـارێکی ئەنجامـدا ( ئـەو کـار پەرسـتش بێـت، وەکـو: نوێـژو ڕۆژوو گـرتنو حـەج کـردنو ...هتـد، یـان کـارێکی دونیـایی بێـت، وەکـو: دروسـت کردنـی هەرشـتێك یـان چـاك کردنـەوەی )، ئـەوا پێویسـتە بە چاکیو بە ڕێکو پێکی ئەنجامی بدات .

### سودوئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) هـەر باوەڕدارێـك ویسـتی کـارێکی هـەبوو، ئـەوا پێویسـتە بـە چـاکی ئـەنجامی بـدات، بـە نییـەتی ئـەوەی سـود بـە خـەڵکی بگەیـەنێت، هـەروەها دڵسـۆز بێـت لـەو کارەیدا .چونکە بەهۆی ئەوەوە دەبێتە خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

### شانزەیەم: باوەڕدارێك نێوان خەڵکی ڕێك بخاتو ئاشتیان بکاتەوە

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ئەیوب (خوای لێ ڕازی بێت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێمی فەرموو: ( أَلا أَدُلُّكَ عَلَى صَدَقَةٍ يُحِبُّهَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ ؟ تُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ إِذَا تَبَاغَضُوا، وتَفَاسَدُوا)[٢] .

**واتە:** ئایا خێرو چاکەیەکت پێ نیشان بدەم خوای گەورەو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) لایـان خۆشەویستەو پێیان خۆشە؟

---

(١) (حسن) رواه للطبراني في المعجم الكبير وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٨٠٣٧) .

(٢) (صحيح) رواه الطبراني وصححه الألباني في صحيح ا لترغيب والترهيب (٢٨٢٠) .

ڕێکخستنو ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵکی، ئەگەر ڕقو قینیان لەیەك بوو یان نێوانیان خراپ بوو .

**سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .**

(١) خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ئەیوب (خوای لێ ڕازی بێت) .

(٢) فەزڵو گەورەیی و پاداشتی چاك سازیی و ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك، کارێکی واجبە لەسەر موسڵمانان .

(٣) ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵکی خێرو صەدەقەیە .

(٤) ڕێکخستنو ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵکی ئەوەندە گەورەیە ئەگەر ئەو کەسەی دەکەوێتە بەینەوەو خەڵکی ئاشت دەکاتەوە، درۆش بکات لەسەری نانوسرێت .

## حەڤدەیەم: باوەڕدارێك هێمنو لەسەر خۆبێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدڵڵای کوڕی عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەشەجی فەرموو:

( إِنَّ فِيكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ، الْحِلْمُ وَالأَنَاةُ )[١] .

**واتە:** بەڕاستی تۆ دوو ڕەوشتت تێدایە پەروەردگار خۆشی دەوێن، وە ڕازییە لەسەریان، ئەوانیش: هێمنی و لەسەر خۆیی و شێنەییە .

**سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .**

---

(١) رواه مسلم (١٢٦) .

(١) گەورەیی‌و پاداشتی هێمنی‌و لەسەر خۆیی .

(٢) هێمنی‌و لەسەر خۆیی‌و شێنەیی، هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خۆش ویستنی خوای پەروەردگارو چونە بەهەشتەکەی .

(٣) هێمنی‌و لەسەر خۆیی هۆکارێکە بۆ سەر کەوتن بەسەر دوژمندا .

(٤) هێمنی‌و لەسەر خۆیی هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی خۆش ویستنی خەڵکی، چونکە هەر کەسێك لەسەر خۆبێت خەڵکی خۆشیان دەوێت .

(٥) هێمنی‌و لەسەر خۆیی لە خوو ڕەوشتی پێغەمبەرانە بۆیە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆی برازێنێتەوە بەو ڕەوشتە جوانە .

**هەژدەیەم: باوەڕدارێك لەترسی خوا فرمێسك بەچاویدا بێتە خوارێ**

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو ئومامە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لَيْسَ شَيْءٌ أَحَبَّ إِلَى اللَّهِ مِنْ قَطْرَتَيْنِ قَطْرَةٌ مِنْ دُمُوعٍ فِي خَشْيَةِ اللَّهِ، وَقَطْرَةُ دَمٍ تُهَرَاقُ فِي سَبِيلِ اللَّه )[١] .

**واتە:** هیچ شتێك نییە خۆشەویستربێت لە دوو دڵۆپە، دڵۆپەیەك فرمێسك لەترسی خوای گەورە هاتبێتە خوارەوە، هەروەها دڵۆپەیەك خوێن لە ڕێگەی خوای پەروەردگاردا بڕێژرێت .

**سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .**

---

(١) (صحيح) رواه الترمذي ، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٣٢٦) .

(١) ترسان لە پەروەردگار پەرستشێکی زۆر گەورەیە، وە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەنجامی بدات جگەلە باوەڕدارێکی ڕاستگۆوی ئیمان کاملٌی دامەزراو، جا هەرکەسێك لە پەروەردگار بترسێت، ئەوا دەگات بە ڕەزامەندی پەروەردگار .

(٢) ترسی ڕاستەقینە لە پەروەردگار ئەوەیە کە مرۆڤ هان بدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك، وە ڕێگریشی لیٚ بکات لە هەموو کردارێکی خراپ .

(٣) گەورەیی‌و پاداشتی خۆ بەخت کردن‌و خوێن ڕشتن لە ڕێگەی خوای پەروەردگاردا .

## نۆزدەیەم: باوەڕدارێك فەرزەکان جیٚ بەجیٚ بکات

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە (خوای لیٚ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ )[١] .

**واتە:** هیچ شتێك نییە بەندەکانم خۆی لە من پیٚ نزیك بکاتەوە، لام خۆشەویستربێت لەوەی کە لەسەریم فەرز کردووە .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئەنجامدانی عیبادەتە فەرزەکان هۆکارن بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگارو نزیك بوونەوە لێی .

---

(١) رواه البخاري (٦٥٠٢) .

(٢) عیبـادەتو پەرستشـی فـەرز خۆشەویسـترە لای خـوای پـەروەردگار لـە عیبـادەتو پەرستشـی سـوننەت، واتـە: ئەنجامـدانی نوێـژە فـەرزەکان خۆشەویسـترە لای خـوای پەروەردگار لە شەو نوێژ، وە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان خۆشەویسترە لە ڕۆژوو گرتنی شەشەلآنو ڕۆژووی عەرەفەو عاشوراو نۆمینەی حاجیان، ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە خوای پەروەردگار تەئکیدی لەسەر ئەنجامـدانی کردۆتـەوەو ئـەو کەسەشـی خـۆش دەوێت کـە بەجوانی ئەنجامیان دەدات .

## بیستەم: باوەڕدارێك سوننەتەکان جێ بەجێ بکات

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( وَمَا يَزَالُ عَبْدِى يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ )[1] .

**واتــــە:** بـــەردەوام بەندەکـــەم لـــێم نزیـــك دەبێتـــەوە، بـــەهۆی ئـــەنجام دانـــی سوننەتەکانەوە، تاوەکو خۆشم دەوێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئەنجامـدانی عیبـادەتو پەرستشـە سـوننەتەکان، هۆکـارن بـۆ نزیـك بوونـەوە لـە خـوای پـەروەردگار ، هـەروەها هۆکاریشـن بـۆ بەدەسـت هێنـانی خۆشەویسـتی

---

(١) رواه البخاري (٦٥٠٢) .

پـەروەردگار، بۆیـە هەرکەسـێك پێـی خۆشـە خـوای پـەروەردگار خۆشـی بوێـت، ئـەوا پێویسـتە عیبـادەتی سـوننەت زۆر ئـەنجام بـدات، لـە نوێـژو ڕۆژوو خێـرو صـەدەقەو هتد.

## بیستو یەکەم: باوەڕدارێك بەشەرمو عەیب داپۆشەر بێت

هـاوەڵی خۆشەویسـت یـەعلای کـوڕی ئومەیـە (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ( إِنَّ اللَّـهَ عَـزَّ وَجَـلَّ حَيِـيٌّ سِـتِّيرٌ يُحِـبُّ الْحَيَـاءَ وَالسَّتْرَ )[1] .

**واتە:** بەڕاستی خوای پەروەردگار بەشکۆو بەشەرمو بەکەڕەمە ( بـەجۆرێك هاوتـای نیەو لە هیچ ناچێت )، وە داپۆشەری عەیب و گوناهە، هەروەها بەندەیەکی خـۆش دەوێـت کـە بەشەرم و عەیب داپۆشەر بێت .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) شەرم و عەیب داپۆشەر، دوو سیفەتی جوانی خوای پەروەردگار.

(٢) شەرمکردن لە خوو ڕەوشتی پێغەمبەرانە .

(٣) شەرمکردن بەشێکە لە ئیمان و باوەڕ، وە مرۆڤ دەڕازێنێتەوە .

(٤) شەرم هەر خێری بەدوادا دێتو تەنها خێری پێوەیە .

(٥) شەرم مرۆڤ لە گوناه وتاوان دەپارێزێت .

(٦) شەرم هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار .

---

(١) (حسن) رواه أبو داود والنسائي وحسنه الألباني في صحيح الجامع (١٧٥٦) .

(٨) شەرم هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی پەروەردگار .

(٩) شەرم هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵك .

(١٠) شەرم هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت .

## بیستو دووەم: باوەڕدارێك لەبەر خوا باوەڕدارێکی خۆش بوێت

خـــوای پـــەروەردگار لەفـــەرموودەی قودســـیدا فەرموویـــەتی: ( وَجَبَـتْ مَحَبَّتِـي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ )[١] .

**واتــە:** خۆشەویسـتی خـۆم پێویسـتو جـێگیر کـردووە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لەبـەر من یەکتریان خۆش دەوێت.

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) خۆشەویسـتی لەبـەر خـاتری خـوا هۆکـارە بـۆ بەدەسـت هێنـانی خۆشەویسـتی خوای پەروەردگار .

(٢) مەلائیکـەت داوای لێخـۆش بـوون بـۆ ئـەو کەسـانە دەکـەن کـە لەبـەر خـاتری خـوا یەکتریان خۆش دەوێت .

(٣) خۆشەویسـتی لەبـەر خـاتری خـوای پـەروەردگار هۆکـارە بـۆ ڕزگـار بـوون لـە نارەحەتی قیامەت .

(٤) خۆشەویســتی لەبــەر خــاتری خــوای پــەروەردگار هۆکــارە بــۆ ئــەوەی پەروەردگار خۆشمانی بوێت .

---

(١) (صحيح) رواه احمد والطبراني والحاكم وابن حبان وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٣٣١) .

(٥) خۆشەویستی لەبەر خاتری خوا نیشانەیە بۆ چێژ وەرگرتنو دامەزراوی باوەڕ .

(٦) هیچ موسڵمانێك نییە کە موسڵمانێکی خۆش بووێت لەبەر خاتری خوای پەروەردگار، ئەوا ئەو کەسە ڕێزی لە خوای پەروەردگار گرتووە .

(٧) خۆشەویستی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار پاداشتی گەورەو بێ سنووری هەیەو لەڕۆژی دواییدا مینبەری نوریان بۆ هەیە، پێغەمبەرانو شەهیدەکان خۆزگەیان بۆدەخوازن.

(٨) خۆشەویستی لەبەر خاتری خوا هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت .

## بیستو سێیەم: باوەڕدارێك ئامانەت پارێز بێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدول ڕەحمانی کوڕی ئەبو قیراد (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إنْ أحَبْتُمْ أنْ يُحِبَّكُمُ اللَّهُ تعالى ورَسُولُهُ فأدُّوا إذا ائْتُمنْتُمْ )[1] .

**واتە:** ئەگەر پێتان خۆشەو حەز دەکەن کە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشی بوێن، ئەوا ئەگەر ئەمانەتیان لا دانان بیگێڕنەوە بۆ خاوەنی .

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ئەمانەت پاراستنو گەڕانەوەی بۆ خاوەنی جێ بەجێکردنی فەرمانی پەروەردگارە، چونکە فەرمانی پێکردووین ئەمانەتەکان بگێڕینەوە بۆ خاوەنەکانیان .

---

(١) (حسن) رواه الطبراني وحسنه الألباني في صحيح الجامع (١٤٠٩) .

(٢) پەروەردگار مەدحی ئەو کەسانەی کردووە کە ئەمانەت دەپارێزن

(٣) هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

(٤) پاراستنی ئەمانەت لە خوو ڕەوشتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

(٥) هەر باوەڕدارێك ئەمانەت بپارێزێت، ئەوا ئیمانی تەواو دامەزراوە .

(٦) پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەمانەت ببپارێزێنو بە وەفا بن بەرامبەر بە خاوەن ئەمانەتەکان .

## بیستو چوارەم: باوەڕدارێك ڕاستگۆ بێت

هاوەڵی خۆشەویست عەبدول ڕەحمانی کوڕی ئەبو قیراد (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إنْ أحْبَبْتُمْ أنْ يُحِبَّكُمُ اللّهُ تعالى ورَسُولُهُ...واصْدُقوا إذا حَدَّثْتُمْ )[١] .

**واتە:** ئەگەر پێتان خۆشەو حەز دەکەن کە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشی بوێن، ئەوا کاتێك قسەتان کرد ڕاستگۆبن.

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) ڕاستگۆیی هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی پەروەردگار .

(٢) جێ بەجێکردنی فەرمانی خوای پەروەردگارە، چونکە فەرمانی پێکردووین کە لەگەڵ ڕاستگۆیاندابین .

(٣) خوای پەروەردگار لە باوەڕداری ڕاستگۆ ڕازییە .

---

(١) (حسن) رواه الطبراني وحسنه الألباني في صحيح الجامع (١٤٠٩) .

(٤) مرۆڤی ڕاستگۆ مەدح کراوە لە لایەن خوای پەروەردگارە .

(٥) ڕاستگۆی هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت .

(٦) بەهۆی ڕاستگۆییەوە خێرو بەرەکەت دەکەوێتە ناو ڕزق و ڕۆزییەوە

(٧) بەهۆی ڕاستگۆییەوە دڵو دەروونی مرۆڤ ئارامو ئاسودە دەبێت .

(٨) ڕاستگۆی ڕێنیشاندەرە بۆ کاری خێرو چاكو باش .

(٩) مرۆڤی ڕاستگۆ دوورە لە نیشانەی دوو ڕویی .

## بیستو پێنجەم: باوەڕدارێك چاك بێت لەگەڵ دراوسێکەیدا

هاوەڵی خۆشەویست عەبدول ڕەحمانی کوڕی ئەبو قیراد (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

( إنْ أحْبَبْتُمْ أنْ يُحِبَّكُمُ اللَّهُ تعالى ورَسُولُهُ ... وأحْسِنُوا جِوارَ مَنْ جاوَرَكُمْ )[1] .

**واتە:** ئەگەر پێتان خۆشە کە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشی بوێن، ئەوا ڕەفتارتان جوانو چاك بێت لەگەڵ دراوسێکانتاندا .

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) یەکێك لە مافە گرنگەکان، بریتیە لە مافی دراوسێ، وە چاك ڕەفتار کردن لەگەڵ دراوسێدا پێویستە لەسەر هەموو کەسێك، وە بێگومان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگی زۆر دراوە بە چاکبوونو ڕەفتاری چاك و باش لەگەڵ دراوسێدا.

(١) (حسن) رواه الطبراني وحسنه الألباني في صحيح الجامع (١٤٠٩) .

(٢) چـاك ڕەفتـار كـردن لەگـەڵ دراوسـێدا جـێ بـەجێكردنی فـەرمانی خـوای پەروەردگارە .

(٣) هۆكـارە بـۆ بەدەسـتهێنانی خۆشەویسـتی خـوای پـەروەردگارو پێغەمبەرکـەی (ﷺ) .

(٤) ڕەفتاری باشو چاك لەگەڵ دراوسێدا نیشانەی تەواوێتی باوەڕە .

(٣) ڕەفتـاری بـاش لەگـەڵ دراوسـێدا هۆكـارە بـۆ ژیـانێكی بەختـەوەرو سـەرفرازی لە دونیادا .

(٤) ڕەفتـاری بـاش و چـاك لەگـەڵ دراوسـێدا بـە خێـرو صـەدەقە بـۆ خاوەنەكـەی دەنوسرێت .

(٦) شـایەتی دانـی دراوسـێ بـۆ دراوسـێ لای خـوای پـەروەردگار قەبوڵـەو وەردەگیرێت .

(٧) چـاك ڕەفتـار كـردن لەگـەڵ دراوسـێدا بەهەشـت بـۆ خاوەنەكـەی مسـۆگەر دەكات .

(٨) ڕەفتاری باشو چاك لەگەڵ دراوسێدا دەبێتە هـۆی ئـاوەدانی مـاڵان و تەمـەن درێـژی ( مەبەست لە تەمەن درێژی ئەوەیە كە خوای پەروەردگار بەرەكەت دەخاتە ناو كارەكانیـەوەو لـە ماوەیەكی كەمدا كاری گەورەو درێژ خایەن ئەنجام ئەدات، نەك بەمانای ئـەوەی كـە لـە (لوح المحفوظ) بۆی دیاری كراوە. بەڵكو ئەو تەمەنەی خوای پەروەردگار پێی بەخشیوە بـە خۆشـی بەسەر دەبات ) .

## بیستو شەشەم: باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبوذری غیفـاری (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( ثَلاَثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ... الرَّجُلُ يَلْقَى الْعَدُوَّ فِي الْفِئَةِ فَيَنْصِبُ لَهُمْ نَحْرَهُ حَتَّى يُقْتَلَ أَوْ يُفْتَحَ لأَصْحَابِهِ )(١) .

**واتە:** سێ جۆر باوەڕدار پەروەردگار خۆشی دەوێن ... یەکێك لەوانـە" پیاوێـك کـە ڕووبـەڕوی دوژمـن دەبێتـەوە لەگـەڵ کۆمەڵێکـدا گـەردنی خۆیـانی بـۆ دادەنێـت هـەتا دەکوژرێـت یـان هاوڕێکانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

### سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) فەزڵو گەورەیی خۆ بەختکردن لە پێناوی خوای پەروەردگاردا .

(٢) مرۆڤی موسڵمان دەبێت ئـازاو چـاو نـەترسو بەجـەرگ بێـت بەتایبـەتی بـۆ سـەر خسـتنی دینی خوای گەورە .

(٣) موسـڵمان لـە کـاتی ڕوو بـەڕوو بوونـەوەی بـێ باوەڕانـدا یـان دەکوژرێـتو پلـەی بـەرزی شەهیدی بەدەست دەهێنێت، یان سەر دەکەوێت بەسەر دوژمندا .

(٤) موسڵمانی ڕاستەقینە ئاواتە خوازی ڕوو بەڕوو بوونەوەی دوژمن نییە، بـەڵام ئەگـەر ئەگـەر ڕوو بەڕوو بووەوە، ئەوا دامەزراو دەبێتو ڕاناکاتو هەڵ نایات .

## بیستو حەوتەم:باوەڕدارێك لە کاتی ماندوێتیدا شەونوێژ بکات

---

(١) (صحيح) رواه احمد وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٠٧٤) .

هـاوەڵی خۆشەویسـت ئـەبوذری غیفـاری (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ( ثَلاَثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ... وَالْقَوْمُ يُسَافِرُونَ فَيَطُولُ سَرَاهُمْ حَتَّى يُحِبُّوا أَنْ يَمَسُّوا الأَرْضَ فَيَنْزِلُونَ فَيَتَنَحَّى أَحَدُهُمْ فَيُصَلِّي حَتَّى يُوقِظَهُمْ لِرَحِيلِهِمْ )[١] .

**واتــــە:** سـێ جـۆر لـە خـەڵکی خـوای پـەروەردگار خۆشـی دەوێـن ... یـەکێك لەوانـە" کاتێـك کۆمـەڵێك سـەفەر دەکـەنو شـەو ڕۆشـتنیان درێـژە دەخایـەنێت تـاکو وایـان لـێ دێـت حـەز دەکـەن پـێ لـە ولاخـەکانیان داگـرنو بیـدەن لـەزەوی (بـۆ ئـەوەی کـەمێك پشـوو بـدەنو بخـەون لەبـەر مانـدوێتی)، جـا کاتێـك کـە دادەبـەزن یـەکێکیان کـەنار دەگرێـتو دەسـت دەکـات بـە نوێـژکردن بۆئـەوەی دواتـر هاوڕێکـانی لـە خـەو هەڵسێنێتو بکەونە ڕێ .

## سودو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیەدا .

(١) شەو نوێژ هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار.

(٢) شەو نوێژ هۆکارە بۆ چونە بەهەشت .

(٣) شەو نوێژ باشترین و خێر ترین نوێژە لە دوای نوێژە فەرزەکان .

(٤) شەو نوێژ هۆکارە بۆ نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە .

(٥) پـەروەردگار مـەدحی ئـەو کەسـانەی کـردووە کـە شـەوان جێگاکانیـان بـە جـێ دەهێڵنو هەڵ دەستن بۆ شەو نوێژ

(٦) دەست گرتن بەشەو نوێژەوە لە داب و نەریتی پیاو چاکانی پێشینە .

---

(١) (صحيح) رواه احمد وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٠٧٤) .

(٧) شەو نوێژ هۆکارە بۆ ڕێ گری لە تاوان و خراپەکاری .

(٨) شەو نوێژ هۆکارە بۆ سڕینەرەوەی تاوانەکان .

## بیستوهەشتەم: باوەڕدارێك ئیمامی حوسێنی (خوای لێ ڕازی بێت) خۆش بوێت

هاوەڵی خۆشەویست یەعلای کوڕی مورە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( حُسَيْنٌ مِنِّي وَأَنَا مِنْ حُسَيْنٍ أَحَبَّ اللَّهُ مَنْ أَحَبَّ حُسَيْناً )[١] .

**واتە:** حوسێن لە منەو منیش لە حوسێنم، هەرکەسێك حوسێنی خۆش بوێت، ئەوا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێت .

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورەو میهرەبان بمان گێڕێت لەو کەسانەی کە خۆشی دەوێ و لێیان ڕازییە، وە هەموو ماندوبوون و تێکۆشانێکمان تەنها لەبەر زاتی خوێ بێت و بەشی نەفس و هەواو ئارەزو و هیچ کەسێکی تێدا نەبێت، هەروەها بەردەوامیمان پێ ببەخشێت لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام .

وَصَلَّى اللَّهُ وَسلم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَالتَّابِعِينَ أجمعين.

## گرنگترین سەرچاوەکان

---

(١) (حسن) رواه احمد والترمذي وابن ماجة وابن حبان وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٣١٤٦) .

(١) القرآن الكريم .
(٢) تفسير القرآن العظيم للحافظ أبي الفداء إسماعيل بن كثير (رحمه الله).
(٣) تيسير الكريم الرحمن في تفسير الكلام المنان، للشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي(رحمه الله).
(٤) تفسير الثمين، للشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله).
(٥) صحيح البخاري، محمد بن اسماعيل البخاري (رحمه الله).
(٦) صحيح مسلم ، مسلم بن الحجاج النيسابوري (رحمه الله).
(٧) صحيح سنن أبي داود تحقيق الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(٨) صحيح سنن الترمذي تحقيق الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(٩) صحيح سنن ابن ماجة تحقيق الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(١٠) صحيح سنن النسائي تحقيق الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(١١) صحيح الجامع الصغير وزيادته للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(١٢) صحيح الترغيب والترهيب/ للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(١٣) سلسلة الأحاديث الصحيحة ، للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني (رحمه الله).
(١٤) فتح الباري، شرح صحيح البخاري، للإمام ابن حجر العسقلاني (رحمه الله).
(١٥) شرح النووي على صحيح مسلم، للإمام يحيى بن شرف الدين النووي (رحمه الله).
(١٦) عون المعبود شرح سنن أبي داود للعلامة أبي الطيب شمس الحق آبادي (رحمه الله).
(١٧) تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، للإمام محمد عبد الرحمن المباركفوري(رحمه الله).
(١٨) فيض القدير شرح الجامع الصغير للإمام عبد الرؤوف المناوي (رَحِمَهُ اللَّه).
(١٩) شرح رياض الصالحين للشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

# ناوەڕۆك

پێشەكی ........................................................................ ٣

لەقورئانی پیرۆزدا ........................................................................٩
باوەڕداریك مل کەچو دامەزراو بێت .................................................٩
باوەڕدارێك تەوبەکارو پاکو خاوێن بێت .............................................١١
باوەڕدارێك بەڕاستی شوێنی سوننەت کەوتبێت ...................................١٣
باوەڕدارێك خۆپارێزو لە خواترس بێت ...............................................١٦
باوەڕدارێك چاکە کارو خێر خوازبێت ...............................................١٨
باوەڕدارێك لە گوفتارو کرداردا دادپەروەر بێت ...................................٢١
باوەڕدارێك خۆگرو بەئارام بێت ........................................................٢٣
باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت ...............................................٢٦
باوەڕدارێك پشت بە خوا ببەستێت ...................................................٢٨
لە فەرمووده ڕاستەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) .......................................٣٠
باوەڕدارێك سودو قازانجی بۆ خەڵکی هەبێت ....................................٣٠
باوەڕدارێك ڕاستگۆ بێت ..................................................................٣١
باوەڕدارێك ڕەوشت جوان بێت .........................................................٣٢
باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت ................................................٣٤
باوەڕدارێك لەخواترس و دەوڵەمەندو شاراوە بێت ..............................٣٥
باوەڕدارێك جوان و پاکو خاوێن بێت .................................................٣٦
باوەڕدارێك نەرمو نیان بێت .............................................................٣٨
باوەڕدارێك ئاسانکار بێت..................................................................٤٠
باوەڕدارێك لە بەخشیندا دەستکراوەو بێت.........................................٤٢
باوەڕدارێك لە نوێژی جەماعەتدا بڵێت (ئامین).................................٤٣
باوەڕدارێك دونیا نەویست بێت .........................................................٤٥

باوەڕدارێك بەتەنها خوا بپەرستێت ..................................................٤٧
باوەڕدارێك لێبوردە بێت ..................................................٤٩
باوەڕدارێك پشتیوانان(أنصار)ی خۆش بوێت....................................٥٠
باوەڕدارێك کارەکانی بەچاکی ئەنجام بدات ....................................٥١
باوەڕدارێك نێوان خەڵکی ڕێك بخاتو ئاشتیان بکاتەوە .....................٥٢
باوەڕدارێك هێمنو لەسەر خۆ بێت ..................................................٥٣
باوەڕدارێك لە ترسی خوا فرمێسك بەچاویدا بێتە خوارێ....................٥٤
باوەڕدارێك فەرزەکان جێ بەجێ بکات ..........................................٥٥
باوەڕدارێك سوننەتەکان جێ بەجێ بکات ......................................٥٦
باوەڕدارێك بەشەرمو عەیب داپۆشەر بێت ......................................٥٧
باوەڕدارێك لەبەر خوا باوەڕدارێکی خۆش بوێت ...............................٥٨
باوەڕدارێك ئەمانەت پارێز بێت ....................................................٦٠
باوەڕدارێك ڕاستگۆ بێت ............................................................٦١
باوەڕدارێك چاك بێت لەگەڵ دراوسێکەیدا........................................٦٢
باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت...........................................٦٤
باوەڕدارێك لەکاتی ماندوێتیدا شەونوێژ بکات ...............................٦٥
باوەڕدارێك ئیمامی حوسێنی خۆش بوێت ......................................٦٧
سەرچاوەکان ............................................................................٦٨
ناوەڕۆك ..................................................................................٦٩

# لەبڵاوکراوەکانی

# سایتی فەرموودە

# هەمیشە ڕاستگۆیی

www.fermude.com

fermude33@yahoo.com